www.kurdistannet.org
23-2-2003 17:41

# سوپای عیراق شەڕی رزگارکەرانی ناکات

**مەهدی ئەبوبەکر**

کاتێك سەربازەکانی سوپای عیراق، بەبرسێتیو بێ جلوبەرگی سەربازی شایستە گوێیان لەقسەکانی کۆلن پاولی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا دەبێت کە دەڵێت: مەبەستی ئێمە وێرانکردنی عیراق نییە، بەڵکو مەبەستمان روخاندنی رژێمی سەدامە کە دارایی گەلو وڵاتی لەپێناو بەدەستهێنانی چەکی کۆکوژدا تەخشانو پەخشان کردووە، هەرگیز بیر لەوە ناکەنەوە کە رووبەڕووی هێزەکانی ئەمریکا ببنەوەو داکۆکی لەو حکومەتە بکەن کە بارودۆخی وڵاتو سوپاکەی گەیاندۆتە ئاستێك کە هەژارترین دەوڵەتی دنیا ئیرەیی پێنەبات.

سەرباز کاتێك دەتوانێت دەست بداتە چەكو بجەنگێت، کە رژێمێکی سیاسی نیشتمانی فەرمانی پێبکاتو بەڵگەی حاشا هەڵنەگری لەسەر رەوایی جەنگەکە پێبەخشێت.

دەپرسین، سوپای عیراق لەکێ پێکهاتووە؟ سوپای عیراق، بەشێکە لەگەلی عیراقو رەنگە سەربازێکی عیراقی نەبێت، کەسێکی نزیکی بەدەستی رژێمی بەغدا نەکوژرا بێت یان نەخرابێتە گرتووخانەکانەوە یاخود خودی خۆی دووچاری ئازارو ئەشکەنجە نەبوو بێتەو، بۆیە بەردەوام لەدەرفەتێك دەگەڕێن تا خۆیان لەدەست ئەو رژێمە رزگار بکەن، باشترین دەرفەتیش ئەو جەنگەیە کە ئەمریکا لەسەر کەناری هەڵگیرسانیدایەو ئومێدی دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکراسی بەعیراقییەکان داوە. لەچەند رۆژی رابردوودا جۆرج بۆشی سەرۆکی ئەمریکا، لەو بارەیەوە وتی: عیراق دەکرێت ئازادو دیموکراسی بێتو ببێتە سەرچاوەیەك بۆ ئومێدەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەجیاتی ئەوەی ببێتە کوانوویەك بۆ هەڕەشەکردن لەدراوسێکانو دالدەدانی تیرۆریستان، حکومەتی عیراق، بەدرێژایی تەمەنی سی ساڵی لەدەسەڵاتدا، هەرگیز رێگای نەداوە تا گەلی عیراق، هەناسەیەکی ئاسودەیی هەڵمژێت، ئەو سەربازانەشی کە ئێستا لەریزەکانی سوپای عیراقدا چەکدار کراونو بەغدا بەنیازە بیانکات بەسووتەمەنی جەنگەکەی، لەیەکەم چاوهەڵهێنانیان بەژیان هەستیان بەکۆیلەیی کردووە، بۆیە هەردەم لەرۆژێك دەگەڕێن تا وەکو مرۆڤێك ژیان بەسەر بەرن، بۆیە هەرگیز ئامادە نین خۆیان بخەنە بەردەم بەرداشی سوپای ئەمریکاو ببنە قەڵغانی بەرپەرچدانەوەی بۆمبە (30) هەزار تەنیەکانی ئەمریکا، سوپای عیراق، رەنگە زۆر لەچاودێرانی بواری سەربازی بەسوپایەکی عەقائیدی تێی بڕوانو بڵێن: (125) هەزار سەربازی گاردی کۆماری هێزێکی لەشکان نەهاتووەو دەبێت بەربەست لەبەردەم سەرکەوتنی خێرای هێزەکانی واشنتۆندا، بەڵام ئەو هێزانەش لەگەڵ یەکەم دەستپێکی شەڕدا رووەو ماڵەکانی خۆیان دەبنەوە.

زۆر لەمێژە سەربازانی عیراق، لەوە گەیشتوون کە چیدی ناکرێت بەرگری لەرژێمێك بکرێت، کە سێ رۆژ جارێکیش ئامادە نییە خۆراکی بۆ دابین بکاتو تەنانەت هێندێکیان ناچاری ئەوە بوون کەلەکۆڵانو شەقامەکانی شارەکاندا دەست لەخەڵکی پان بکەنەوە تا کرێی سەفەرکردنیان بۆ ماڵەکانیان پێبەخشێت.

کەواتە:

بەدڵنیاییەوە، سوپای عیراق نابێتە بەربەست لەبەردەم جەنگی چاوەڕوانکراودا زۆربەشیان هەر لەئێستاوە گەڕاونەتەوە ناو ماڵەکانی خۆیانو چاوەڕوانی پرۆسەی رامالینی رژێمی بەغدا دەکەنو تەدارەکی خۆیان بۆ ئاهەنگی پێشوازیکردن لەسوپای ئەمریکا ئامادە دەکەن.

## تێبینی کوردستان نێت:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیر و بۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونە (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە. لەگەڵ رێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم رێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت..... 15-1-2003